

ئاسۆ بیارەیی
2005-1-15

# قەڵەم و خەڵات

نووسەر، کەسێکی زرنگە کە ووردبینانە شەونخونی دەکێشی بۆ پاراو ڕاگرتنی زمانی نەتەوەکەی. نووسەری ڕاستگۆ هیچی لەو پێشمەرگەیە کەمترنیە ئەگەر زۆرتر نەبێ، کە ژیانی تەرخان دەکات بۆ سەرخستن و ئازادی گەلەکەی. زمان بنەمایەکی گرنگی بوونی نەتەوەیە، نووسەریش بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکەی گرتوەتە ئەستۆ.

من شانازی بە هەموو نووسەرێک دەکەم کە قەڵەمەکەی لە پێناوی گەلەکەیدا تەرخان کردوە، کە خەلاتێکیش وەردەگرێت، شاد دەبم. من کارم بە پارتییەکانی کوردستانی باشور نییە کە چۆن نووسەرەکانی کورد هەڵدەسەنگێنن.

ئەوەی کە من بەگرنگی دەبینم لەم خەڵاتکردنەدا، نەک تەنها خودی نووسەرە خەڵات کراوەکانە، ئەوەیە کە لە مێژووی کوردستاندا یەکەم جارە کە پۆلە نووسەرێک لە سەر نووسینەکانیان خەڵات دەکرێن و ڕێزیان لێدەگیرێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرەتای نەریتێکی نوێیە لە پیشاندانی سەنگی نووسەر لە باشوری کوردستاندا و نرخاندی بەرهەمەکانی.

ڕێزگرتنی دەزگای ئاراس لە هەولێر لەو کۆمەڵە نووسەرە و خەڵاتکردنیان، نەک کارێکی پیرۆزە، بەڵکو هاندانێکە بۆ نووسەرانی تر، کارێکە کە پێگەی پرۆسەی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بەهێزتردەکات. کارێکە کە کۆڵەکەی ئازادی بیروڕا، لە کوردستانی باشوردا جێگیرتر دەکات، کارێکە کە نەمامی بیروڕای جیاواز ئاو دەدات ونووسەرانی تر بە وێرێکی زیاترەوە بنووسن.
هەروەها ئەمە یادکردنەوەیەکی دۆستانی گەلەکەمانە لە نەتەوەکانی دراوسێمان، کە نووسەرانی ئەوانێش براوایان بە ڕەوایی بزوتنەوەی میللەتەکەمان هەیە و قەڵەمەکانیان بۆ خستوینەتە کار.

هیوادارم لە داهاتوشدا ببێتە نەریتێک و نووسەرانی دیش هاوکاری بکرێن و بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشای بەرهەمەکانیان بکرێ، چونکە نووسەرانی کورد هیچیان لە نووسەرانی وڵاتانی دیکە کەمتر نییە.
خەڵاتکردنی ئەو پۆلە نووسەرە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە، پاداشت دانەوەی کاری بێ وچانیانە، کە چەندەها ساڵە پێنوسەکانیان کردوەتە ووزەی بەرەو پێش بردنی زمانی کوردی و نوێنەرایەتی کردنی ئەدەبی شۆڕشگێر لە کوردستانی باشوردا. ئەمە سەرەتایەکە بۆ ڕێزلێنانی ئەوانەی کە نووسینیان کردوەتە پیشەی ژیانیان و سەنگەری شکۆداری مانەوەی نەتەوەکەیان هەڵبژاردوە.

من زۆر لام ئاساییە کە هەموو مرۆڤێک سەر بە ئایدیۆلۆژیایەک بێت، سروشتییە ئەگەر نووسەرێک بەرهەمەکەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی بێت. بە داخەوە لە جهیانی سێیەمدا، لە سەر بنچینەیەکی زانستی تائێستا نەتوانراوە بەرهەمی نووسەران هەڵ بسەنگێنرێت، زۆرجار بەهۆی ئەو هۆکارەوە بەرهەمی نووسەرێک سوک کراوە و خراوەتە لاوە.
ڕۆمانی(دایک)ی ماکسیم گۆرکی*، بەیەکێک لە و ڕۆمانانە دەژمێردرێت کە ڕێگەی بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر خۆش کرد، بەیەکێک لە بەرهەمە شاکارەکانی ئەدەبی بەرهەڵستی لە ڕوسیادا ناسراوە. کرێکارانی ڕوس بەخوێن و بە گیان قوربانیان بۆ سەرخستنی شۆڕشی پرۆلیتاریا دا، ماکسیم گۆرکیش قەلەمە کەی خۆی کردبووە بەرەیەکی فراوانی داکۆکی لە چەوساوەکان.

بەڵێ !هەر نووسەرە ڕوحی دەکاتە هۆنراوە و سرودی سەرکەوتن بۆ نیشتیمانەکەی، مەگەر داگیرکەرانی کوردستان کەم لە سرودی ئەیرەقیب دەترسن؟ هەر نووسەرە قەڵەمەکەی دەکاتە هەوێنی شۆڕش و ڕستەکانی لە مەتەرێزی شەڕدا وورە بە جەنگاوەر دەدات.
ئەوانەی دەزگای ئاراس، بە دەزگایەکی سیخور دەزانن، نەک پێیان ناخۆشە کورد خاوەنی خۆی هەبێ، بەڵکو بۆشیان بکرێ، دەبنەوە ئاگرە سورەی بەر لەشکر و قەڵەمە کولەکانیان دەکەنە شمشیری ئەنفال.
هەندێ لەو قەڵەمە نەخۆشانە ، چاویان بەرایی نایێت کە کەسانێکی ڕاستگۆ و شۆرشگیر خەڵات وەربگرن.
ئەو قەڵەمانەی کە ماوەیەکی زۆر پلاریان لە میللەتەکەیان دەگرت، کەسانێکن ئەگەر دواڕۆژیش بەعس دەسەڵات پەیدا بکاتەوە، دەبنەوە هەمان کورد فرۆشەکانی جاران. ئەوانە چونکە نەتەوەکەی خۆیان لانزمە، زمانەکەی خۆشیان دژی گەلەکەی خۆیان بەکاردەهێنن وخۆیان بەشێکی داگیرکەران دەزانن .

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە سایتی کوردستاننێتیش بکەم کە ئەرکێکی پیرۆزی گرتە ئەستۆ لە هاندانی ئەو کەسانە کە قەڵەمەکانیان بۆ گەلەکەیان، خستەکار. کوردستاننێت یەکێکە لەو سایتانە، کە لە سەرەتای دروست بوونییەوە، بێ وچان لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی وشەی کوردی و چەسپاندنی گیانی ئازادی نووسین کاری کردوە، گەورەترین گۆڕەپانی نووسینی بۆ هەموو نووسەران و خەڵکانی کوردپەروەر لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت دامەزراندووە.

دیسان هەزار بارە دەیڵێمەوە، هەرگیز شەرم نییە ئەگەر پیاو ئەندامی یەکێ لەم پارتییانە بێت، ینک، پدک،حشک،پاسۆک، حسک،یەکگرتوو و هەرپارتێکی تری کوردستان کە دژی داگیرکەربێت، شەرم ئەوەیە کە پیاو سیخوڕ و بەعسی بووبێت و لە سەر خوێنی گەلەکەی مشەخۆر بووبێت.

سەرلەنوێ پێخۆشحاڵی خۆم دەردەبڕم و لە دڵەوە پیرۆزباییان پێدەڵێم، هیوادام وێنەیان زۆربێت.